www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:15 19-9-2007

**کۆمەڵگای ئێمە وتەندروستی ... عبدوللەتیف ئاوماری**

هەولێر

گومانی تێدانی یە کە گرنگیدان بە تەندروستی لە ئەرکە هەرە پێویستیە کانی (حکومەتی هەرێمی کوردستان) ە وهیچی کەمتر نی یە لە لایەنی سیاسی وئابوری.... هتد بەڵکو زۆر پێویستە کۆمەڵگای ئێمە بەرەو کۆمەڵگایەکی لەش ساغ وتەندروست بڕوات و هەمووتاکێکی کۆمەڵگا رۆشنبیری تەندروستی هەبێت. بەڵام داخەکەم تا ئێستا هێچ شتێك بەدی ناکەی لە ئاسۆ وە وبۆیە بەناچاری دەستم دایە نووسینی ئەم بابەتە و دەمێکە غەم دەخۆم، لەڕاستیدا هەقە وەزارەتی تەندروستی گرنگی یەکی تەواو بەلایەنی تەندروستی کۆمەڵ بدات و بەتایبەتی رۆشنبیری تەندروستی وخۆپاراستن لەهۆیەکانی توشبون بەنەخۆشیەکان بەگشتی وکاری زۆری لەسەر بکرێت باشە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە (نوسراو وبینراو بیستراو) پێویستە ئامارێکی باش ئەنجام بدرێت وئەمجا ئەزانین کە ئاستی تەندروستی کۆمەڵگای ئێمە لەچ پلە یەکدایە؟!



نزمی ئاستی رۆشنبیری تەندروستی لای هاوڵاتیانی کۆمەڵگای ئێمە جێگای نیگەرانیە و ئەگەر هەنگاوی دڵسۆزانە نەهاوێژرێت!! بی گومان لە ماوەی یەکی نزیك دا کۆمەڵگا تووشی جۆرەها نەخۆشی ودەردی (درێژخایەن) ئەبێت.

خزمێك جاریکیان بۆی گێڕامەوە کەلە سالانی هەشتاکاندا پزیشکێکی بیانی هاتۆتە هەولێرو لەپارێزگای هەولێر چاوی پی کەوتووە و (ئەوناوەکەشی ئەزانی بەڵام من لەبیرم نەماوە!) گووتی پزیشکە بیانی یەکە زۆر غەم وسەرسوڕمانی خۆی دەردەبڕی کە هاوڵاتیانی ئێمە (ڕۆنی تەنەکە) ئەخۆن و بەکاری ئەهێنن (بەحیسابی خۆمان ئەوکات رۆنی راعی بوو) لای ئێمە باشترین ڕۆن بوو؟! جا گوتی ئەگەر بەردەوام بن لەسەر بەکارهێنان و خواردنی ئەم (ڕۆنە) ئەوا بەدەپانزە ساڵی تر خەڵکی عێراق هەمووی توشی نەخۆشی ئەبێت!! فیعلەن قسەی پزیشکە بیانیە کە راست دەرچوو؟! بەڵام داخەکەم بە کی ئەڵی وکی گوێت بۆ ئەگری! عەزرەتم بوو جارێك پزیشکەکانی خۆمان باسی ئەم بابەتەیان بکردایە!! بەلی ئەگەر بێت و ئامارێکی ئەم بوارە بکرێت یا هیچ نەبی لی کۆڵینەوەیەك یا ڕاپرسی یەکی سەرپی ی بکرێت ئینجا دەزانین میللەتی ئێمە لەچ ئاستێکی نزمی رۆشنبیری تەندروستی دایە.. !! ئەوکات بەدیاردەکەوێت کە لەسەدا چەندی کۆمەڵگای ئێمە ڕێنمایی تەندروستی پەیڕەو ئەکات!

پێویستە پشکنینی گشتی ببێتە ئەمرێکی ئیلزامی وەکو وڵاتانی دەرەووەهەرشەش مانگێك جارێك بکرێت.

وەکو شاعیر دەلێت ((جا چۆن دڵم پر غەم نەبی)) کاتێك ئەزانم و ئەبینم:

- زۆربەی زۆری خەڵکی وولاتەکەم گرنگی بەتەندروستی نادەن وتا تووشی نەخۆشی نەبن (مێش مێوانیان نی یە)

- منداڵەکانمان زۆربەی هەرە زۆری لەوزەتێنیان هەیە وەکەس غەمی نی یە و تا نەگاتە باری زۆر نائاسایی، ئەوەش هۆیەکەی ئەوەیە سەیردەکەیت لەمانگی شوبات چلەی زستانە کارگەی ساردەمەنی ئیش دەکات و منداڵانیش ئەیکڕن ونازانم ئەم کارگانە چۆن ڕێگایان پی دراوە کەبەم چلەی زستانە ئیش بکەن؟!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:15 19-9-2007

- کاتی ئەبینم خەڵکی ئێمە چەند زوو باوەڕ بەڕیکلامی شتی پرو پوچ و زیان بەخش ئەکەن بەبی ئەوەی بزانن کەچەند زیان بەخشە بۆیان، وەکو ئەو جبسانەی کە ریکلامی بۆ ئەکەن و گوایە خەڵاتی ئۆتۆمبێل وەردەگرن.. !!

چەند گوناهن منداڵانی وڵاتی ئێمە بەخەونی وەرگرتنی خەڵاتی جبسەوە ئەچن ((کەمیەکی)) زۆر ئەکرن و هەمووشی ئە خورێت و ئاگادارنین کەچەند زیانی هەیە بۆ تەندروستیان. ئەری خەڵکینە کەس هەیە ((تیکەیەکی) چەورت بداتی بەبی موقابیل و قازانجی زیاتر؟!!

- کاتی ئەبینم کارگەی ماست دروست کردن هەیە بەشێوەیەکی وا دروست ئەکەن خەڵك نازانێت چۆن دروست کراوە وائەزانی ماستی مەڕی لادی کانە، بەبی گوی دانە لایەنی تەندروستی و دەرخواردی هەمووکەسێك دەدری.

- کاتی ئەبینم جۆرەها کێك و نەستەلە و شتی تر لە وڵاتانی دەوروبەرمان دێت بۆمان وهەندێکیش هەرلای خۆمان دروست دەکەن ((دوور لە چاودێری تەندروستی)) جۆرەها ریکلامی بۆ دەکرێت و خەڵکی پی دەخەڵەتێندرێت. بەتایبەتی توێژی منداڵان. هیوادارم وەزارەتی تەندروستی پلان و بەرنامەیەکی تێروتەسەلی تەندروستی درێژخایەن پیادە بکات لە کوردستان بۆ بەرژەوەندی هە مووڵایەك.

latif – abdalrahman @ yahoo. com
m: 07504532416

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.